# هەڵـــــبـــژاردن**

شیعری حەمەشوان شەریف
Hamashwan1@hotmail.com
سوید - کونگێلف

بـــابە بـــابە ئەم ڕەنگانە بەلای تۆوە کامیان جوانــــە
ئەمە ڕەنگی گوڵاڵەیە سور وەکو خوێن لە لەشدایــە
وەک کۆڵانی وڵاتەکەم باڵای سروەی لەخوێنـــــدایە
بۆ ئەستێرەی بەرزی هیوایی کفنی سپی لەبەردایــە

بـــابە بـــابە ئەم ڕەنگانە بەلای تۆوە کامیان جوانــە
ئەمەڕەنگی نێرگزە زەرد چرۆکانی هی بـــارانــە
وەک دڵی شەقــامـــێکت پڕلـــەنمەی چاوەڕوانــە
بۆ ئەسرینی دایـەی تیـنوو دڵت بـــوە بــەئینجانـــە

بـــابە بـــابە ئەم ڕەنگانە بەلای تۆوە کامیان جوانە
ئەمەڕەنگی سنەوبەرە سەوز وەک دڵی شەهیدانــە
نــە ڕستەیەک باڵای بەرزی دادەپۆشێ نــە بــە وانـــە
بەڵام بـــابە لەکوردستان بـۆڕەنگەکان پرسەیـــتیـایــە ؟!.

بـــابە بـــابە تۆ دانـــابــە ئەم ڕەنگەیان ئاشتی خوازە
سپی وەکو بـــاڵی بــەفر کۆتریکە بــــێــهێلانـــــە
ئەفڕێ بـەباڵ لـەماڵـیکەس ماڵـیــــنــابێ هی هەموانــە
دەدەی بـــابە بۆ پـــێم ناڵێ ئەم ڕەنگانە کامیان جوانــە ؟!.

---

** ئەم هۆنراوەیەم لەساڵی 1988دا نوسیوە لەناو لەپی دەستی منالێکا کە ناوی *ئاسۆ بوو
ناردم بۆ ئازیزێکم کە بیخوێنێتەوە .بەڵام لەدوایدا دەسکاریم کردو هێمای شیعریم پێبەخشی .
هەڵبەتـــەئەم هۆنراوەیە ئەوەندەی ئێستا درێژ نەبوو ... !،.